# تۆزقاڵێك لە گرنگترین ڕووداوەكانی 2006 لە كوردستان



**بەهێز حوسێن**
Bahez2006@hotmail.com

**بۆتە شتێكی باو لە جیهاندا كە ساڵێك دەگوزەرێت و ساڵێكی نوێ دێت ، ئیتر دامودەزگاكانی دەوڵەت و میدیاكان و ناوەندەكانی ئامار و توێژینەوە دەكەونە كۆكردنەوەی ئامار و تۆماركردن و بڵاوكردنەوەی ئەو ڕووداوە گرنگانەی لە ساڵی ڕابردوودا ڕویانداوە ، منیش لێرەوە ئاماژە بەو ڕووداو و ئامارانە ئەكەم كە لە ساڵی ڕابردووی 2006 دا لە كوردستان ڕوویانداوە و تا هەنووكەش خەڵكی بەدەستیانەوە دەناڵێنن و هێشتاش وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی ئەو ڕووداوانە هێناویانەتە ئاراوە وەك خۆیان ماونەتەوە و بێ وەڵامن .**

**⋆ 2006 مژدەی یەكگرتنەوەی دوو ئیدارەكەی ( سلێمانی و هەولێر ) درا ، بەڵام ئەوە گەیشتینە 2007 و هێشتا وەزارەتەكانی دارایی و پێشمەرگە و ناوخۆ هەر یەكیان نەگرتۆتەوە**

**⋆ 2006 ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بڕی 90 ملیار و 900 ملیۆن دیناری بۆ پڕۆژەكانی تەرخانكرد ، بەڵام لە 2007یشدا ترسی ئەوەمان هەیە لە گەڵ بارینی بارانێكی 24 سەعاتی بەردەوامدا نیوەی سلێمانی ئاو بیبات**

**⋆ مانگی یەكەمی 2006 بەڵێنی چاككردنی كارەبا درا ، لەو مانگە بە دواوە كارەبا خراپتربوو باشتر نەبووە**

**⋆ 2006 ئەنفلۆنزای باڵندە گەیشتە كوردستان ، بەڵام ئەو چەند سەد حەپەی**

**0 تام فلوو) بۆ توشبوانی پەتاكە گەیشتبووە كوردستان بەسەر مەسئولەكاندا دابەشكرا و تا ئێستاش قەرەبووی زۆرێك لەوانەی مریشكەكانیان لەناوبرد نەكراوەتەوە**

**⋆ 2006 بەڵێندرا گەندەڵی لە دامودەزگاكانی حكومەتدا نەهێڵرێت ، بەڵام هەر لەو مانگەدا پەرلەمانتارەكانی خولی پێشوو خانەنشینییان بۆ بەسترا**

**⋆2006 ئەبوو بەرزەپردی ( د. شەهید خەسرەو ) لە سلێمانی تەواوبوایە ، لە 2007 داین هێشتا 10٪ی ماوە تەواوببێت**

**⋆ بەهۆی متمانەی زۆری حكومەت بە كۆمپانیا و بەڵێندەرەكان ، سەدان ملیۆن دۆلار دزران و بەفیڕۆ چوون**

**⋆ قسە لەسەر بوودجەی حكومەت بۆ ساڵی 2007 دەكرێت ، بەڵام تا ئێستاش نەمانزانی بوودجەی 2006ی حكومەتی هەرێم چەند بووە**

**⋆ دەیان خۆپیشاندانی ناڕەزایی خەڵك دژ بە گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری و سووتەمەنی سازكران و هەموویان بە تەقە وەڵام درانەوە**

**⋆ 2006 تێپەڕی و حكومەتی هەرێم نەیتوانی كتێبخانەیەكی گشتی تر لە هەولێر بكاتەوە**

**⋆ عومەر فەتاح جێگری سەرۆكی حكومەت بە وەفدی پەرلەمانی ئەورووپای گوت : سلێمانی دەتوانێت ببێتە پایتەختی ئابووری كوردستان ، هەر ئەومانگە 6000 خێزان لە سلێمانی بۆ وەرگرتنی فەقیرانە فۆرمی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتیان پڕ كردەوە**

**⋆ حكومەتی هەرێم بە درێژایی 2006 گرفتی سوتەمەنی بۆ چارەسەر نەكرا و دوو پێشانگەی نێودەوڵەتی بازرگانی لە سلێمانی و هەولێر بەڕێوەبرد**

**⋆ 2006 خەڵكی ناڕازی هەڵەبجە ( مینۆمێنتی یادگاری هەڵەبجە ) یان سوتاند ، حكومەت وڵاتانی دراوسێی بە سوتانی مینۆمێنتەكە تاوانباركرد**

⋆ 2006 كاك مەسعود و مام جەلال چلوچوار بروسكەی پیرۆزبایی و ماتەمینیان نارد بۆ سەرۆك و سەركردەكانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی ، بەڵام یەك بروسكەی ئەوانیان پێنەگەیشتەوە

⋆ بەڕێوەبەرایەتی پێدانی مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل دەیان نوسینگەی فێربوونی شوفێریی ئەهلی كردەوە و مۆڵەتپێدانی گرانكرد ، كەچی ساڵی ڕابردوو ڕێژەی ڕووداوەكانی هاتوچۆ سنووری پێشبینییەكانی تێپەڕاند

⋆ حكومەتی هەرێم 150 هەزار دیناری بۆ پزیشكان و 125 هەزار دیناری بۆ مامۆستایان زیادكرد و بڕیاریداوە لە 2007 دا 30 هەزار دیناری كەمئەندامان ببڕێت

⋆ ینك و پدك هەریەكەیان زیاتر لە كەناڵێكی سەتەلاییتیان دامەزراند ، بەڵام تا ئێستاش تەلەفزیۆنی هەرێم لە سلێمانی چوار گەڕەك وەریناگرێت

⋆ دەیان كیلۆ فایلی ( فایلدارەكان ) ئاشكراكران

⋆ 2006/2/25 جۆرج بوش لە دوو پەیوەندی تەلەفۆنیدا ، ستایشی ڕۆڵی مام جەلال و كاك مەسعودی كرد لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا ، بەڵام لە مانگی 12ی هەمان ساڵدا ( بیكەر ـ هاملتۆن )لە ڕاپۆرتەكەیاندا فیدراڵییەتی كوردستانیان بە زۆر زانیوە

⋆ لە كۆنفرانسی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستاندا ، بڕیار درا مووچەی پێشمەرگەی دێرین بەرزبكرێتەوە و گرنگیان پێبدرێت ، بەڵام هەفتەی یەكەمی 2007 دەگوزەرێت و هێشتا پێشمەرگە دێرینەكان مووچەی مانگەكانی 11 و 12 ی 2006 یان پێنەدراوە

⋆ 2006 دەیان هەوڵ بۆ یەكگرتنەوە و بەیەكترەوە بەستنەوەی تۆڕی مۆبایلی ( ئاسیا سێڵ و سانا تێڵ ) درا ، ئەوان وەك خۆیان مانەوە و لە جێی ئەوان ئاریافۆن و میدیا تلیكۆم یەكیان گرت

⋆ لە كۆبوونەوەكانی پەلەمانی كوردستان لە ساڵی 2006 ژمارەی پەرلەمانتارە خەوتووەكانی نێو كۆبوونەوەكان (5 ) پەرلەمانتاری تێپەڕاند و ژمارەی باوێشكدانیش لە (100) باوێشكی 90 پلەیی بە جێگیریی مایەوە

⋆ 2006یش وەك ساڵانی تری ڕابردوو وێڕای ئەو هەموو گرفتانەی بۆیان چارەسەر نەكرا ، یەك وەزیری حكومەتی هەرێم دەستی لەكار نەكێشایەوە

⋆2006 /9/10 لە سلێمانی كۆنفرانسی دیالۆگی پەروەردەیی سازكرا و وەزیری پەروەردەش بە نوسراوێكی ڕەسمی لێدانی لە قوتابخانەكاندا ئاسایی كردەوە

⋆ یەكێتی هونەرمەندانی كوردستان و كۆمەڵەی هونەرمەندانی كوردستان یەكیان گرت و سەدان هونەرمەند كەوتنە دەرەوەی ڕێكخراوی نوێی یەكگرتووە

⋆ ئاشكرابوو كە بە تەزكییەی یەكێتی و پارتی هەزاران كەس دەبڵ مووچە و سێ مووچەیان وەرگرتووە

⋆ 2006 هیچ كارگەیەكی بەرهەمهێنی كەرتی گشتی نەمابوو تا حكومەت بیانفرۆشێت بە كەرتی گشتی

⋆ لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی لە هاوینەهەواری دوكان مام جەلال بە ڕۆژنامەنووسە كوردەكانی وت ئەوەی بە عەرەبی پرسیارم لێنەكات وەڵامی نادەمەوە

⋆ سەدام حوسێنی دیكتاتۆر لە سێدارە درا ، سەركردایەتی سیاسی كوردستان بە چاك و خراپ وشەیەكیان لەبارەوە نەوت

⋆ لە كۆتایی 2006 دا بە پشتیوانی شارەوانی سلێمانی ( فەرهاد سەنگاوی ) دەیان دوكانی لە شەقامی كاك ئەحمەدی شێخ بەسەر كەلوپەلەكانی نێویاندا ڕوخاند

⋆ ڕۆژنامەنووسانی دەزگاكانی ( ینك و پدك ) بەناوی سەرجەم ڕاگەیاندنەكانی كوردستانەوە سەردانی وەزارەتی بەرگری كۆریایان كرد

⋆ بە درێژایی ساڵی 2006 كاك نێچیرڤان سەرۆكی حكومەت شەوێك ڕۆژی لە سلێمانیدا نەكردەوە

⋆ مەشعان ئەلجبوری پێش ئەوەی بچێتە سوریا و كەناڵی ( الزوراو ) دابنێ لە كوردستان خزمەتێكی باشی چەند مانگی كرا

⋆ هاری شوتی سەركردەی سەربازیی پێشووی ئەمریكا لە كوردستان ، لە هەولێر ژنی هێنا و ڤێلایەك و چەند ئۆتۆمبیلێكی ( مۆنیكا ) ی لە پارەی كوردستان بە دیاری پێدرا

⋆ ............هتد

ئەوەندە زۆرن ڕووداوەكان لە گێڕانەوە نایەن و بەمەندە ئیكتفا دەكەم ، ئومێدەخوازم 2007 بەڕێبكەین و 2008 ئەگەر تەمەن باقی بێت ڕوداوی لەو جۆرەی ساڵێك پێشتری نەنوسمەوە